عێراق هۆشداری دەدات لە هێرشی راکێشانی هاوپاتیانی خۆی لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

ئەمە هەینی باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ هۆشداری دا لە هەوڵەکانی ڕاکێشانی عێراقییەکان بە بەشداریکردن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا.

بە باڵیۆزخانەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە: "باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق لە مۆسکۆ دەیەوێت بە هاوڵاتیانی عێراقی نیشتەجێبوو لە فیدراسیۆنی ڕووسیا ڕوون بکاتەوە، کە ئەوەی لە هەندێک ماڵپەڕو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە لەلایەن کەسێکەوە کە بە درۆ بانگەشەی نوێنرایەتیکردنی هاوڵاتیانی عێراقی لە ڕووسیا دەکات، بانگەشەیەکی درۆیە و هیچ بنەمایەکی نییە".

باڵیۆزخانەکە جەختی کردەوە، کە "قەت هیچ ڤیزایەک دەرناکات کە پێیوەندی بە م بانگەشە چەواشەکارانەوە هەبێت، و تاکە لایەنی دەسەڵاتدار بە دەرکردنی ڤیزا بە خاکی ڕووسیا تەنها باڵیۆزخانەی فیدراسیۆنی ڕووسیایە لە بەغداد و کونسوڵخانەکانی لە هەولێر و بەسرە".

ڕاگەیەندراوەکە زیاتر وتی، کە "باڵیۆزخانەکە دووبارە جەخت لەسەر هەوەستی نەگۆڕی عێراق دەکاتەوە لە بەلایەنی بەرامبەر قێرانی ڕووسیا-ئۆکرانیا، و بانگەوازە هەمیشەییەکەی بە پەسەندکردنی چارەسەری ئاشتییانە و کۆتاییهێنان بە ململانە لە ڕێگەی گفتوگۆوە".

زیاتر وتی: "لەم چوارچێوەیەدا، بایەزخانەکە ڕووندی عێراقی ئاگادار دەکاتەوە لە نەبوونی هیچ نوێنەرێکی فەرمی دەسەڵاتدار بە ڕووندی عێراقی لە فیدراسیۆنی ڕووسیا، نە لە لایەنی عێراقییەوە و نە لە لایەنی ڕووسییەوە، و هەشداری دەدات لە فریودانی لەلایەن ئەم جۆرە بانگەشانەوە یان مامەڵەکردن لەگەڵیان"، و هەشداری دەدات "لە هەوڵەکانی ڕاکێشان یان تێوەگلاندنی هەندێک عێراقی نیشتەجێبوو لە ڕووسیا یان دەرەوەی بە بیانووی جیاواز بە بەشداریکردن لە شەڕەکەدا".

جەختی لە "ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە کردەوەکانە" کردەوە، و داوای لە ڕووندەکە کرد "ئاگاداری و وریایی بن و بەدوای ئەم شێوازە چەواشەکارانەدا نەچن".

جەختی لە "پاراستنی مافی خۆی لە وەڵامدانەوە لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسی و یاساییە تایبەتمەندەکانەوە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی عێراق و هاوڵاتییانی" کردەوە